# ئەوە ئاوڕدانەوەیە یا درۆ نووسینەوەیە

حسین بەفرین

بەشی دووەم

(هەڤاڵ کوێستانی)هەر بەوەشەوە ناوەستێ بەڵکو لەسەر سەلماندنی درۆ نووسینەوەکانی بەردەوام ئەبێت وکۆمەڵێك درۆی شاخدار ئەنووسێت وئەڵێ : (ئیتر دوای کۆبونەوەکەو دوای ئەوەش کە بەیاننامەی دامەزراندنەکەمان هەر لە دەزگای راگەیاندن چاپکرد، سەردانەکانمان دەست پێکرد ، من وبرادەرێکی نووسەری تر چووین سەردانی بەڕێز مام جەلال و بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی .. هەر دوولا زۆر بەگەرمیەوە پێشوازیان لەو هەواڵە کرد) کوردستانی نوێ/ ژمارە(٣٧١٣) / ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە (هەڤاڵ) ئەیەوێ لەکێشەکە رابکات ورووداوەکان تێکەڵاو بکات ئەگین وەك وتم دروستبونی ئەو (قەوارە ئەدەبیەی) هەڤاڵ قسەی لە سەر ئەکات لە مانگی دوانزەی ١٩٨٠ دابوو لەو کاتەدا (مام جەلال) لە دەرەوەی وڵات بوو ئەو لە مانگی شەش وحەوتی ١٩٨١ دا گەڕایەوە کە ئەو گەڕایەوە ئەو قەوارە ئەدەبیە زۆر دەمێك بوو دروست ببوو تەنانەت گۆڤاری(پێشڕەو)یش تۆزی مردنی لێ نیشتبوو وەك پێشتر باسم کرد بوو لەبەر ئەوە (هەڤاڵ) وا بەنیوەناچڵی وبە تێکەڵ وپێکەڵی باس لەو نووسەرانە ئەکات بۆ ئەوەی رووداوەکەی نێوان خۆی و (محەمەد رەنجاو) ی تیادا ون بکات وباس لەسەر شکاندنی خۆی نەکات ، هەروەها بۆ ئەوەی گیڤارایەتی خۆی تێدا دەربخات ووای نیشان بدات کەئەو نووسەرانە زۆر گەورەو شکۆدار بووەو لە مێژوودا نموونەی نەبووە . ئەمانە مەبەستی ژێرەوەی (هەڤاڵ)ن بەخاتری ئەو مەبەستەش ئەیەوێ تا پێی برئەکات لە راستی رابکات و خۆی لە کێشەکە بدزێتەوە . لە هەمووی گرنگتر لای من ئەوەیە کە (هەڤاڵ) سەرەڕای ئەو چەواشە کردنەش کۆمەڵێك درۆی شاخدار ئەخاتە روو ، ئەگەر بێت و مرۆڤ لەسەریان بێدەنگ بێت غەدر لەخۆی و لەخەڵك و لەمێژووش ئەکات بەتایبەتی کە ئەڵێ: (هەر لە کۆبونەوەکەدا چەند بڕیارێکی گرنگماندا




: ١/ رێکخراوێکی ئەدەبی سەربەخۆو ئازادەو هەرچی گرژی وناکۆکی یەك بکەوێتە بەینی حزبەکانەوە نابێ کار لە یەکێتی ئەو رێکخراوە بکات . ناکۆکی یە حیزبی وململانێ سیاسی یەکانمان ناهێنینە ناو ئەو رێکخراوەوە .

٢/ نووسەر ئازاد دەبێ لە رادەربرین و هەر ئەندامێك دووچاری هەر فشارو هەراسانکردن و سەغڵەت کردنێك هات لەلایەن هەر حیزب ولایەن ودەستەیەکەوە رێکخراوەکە داکۆکی لێ دەکات و خەباتیش دەکات بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی ئازادی رادەربرین و نووسین .

٣/ هەر نووسەرێك لەسەر ئازادی دەربڕین تووشی نارەحەت کردن وئازاردان هات . رێکخراوەکە بە هەموو توانایەکی یەوە داکۆکی لێ دەکات) کوردستانی نوێ / ژمارە (٣٧١٣) هەویری ئەم قسانە ئاو زۆر ئەکێشێ ، چونکە ئەوەی لەو شاخ وداخە ژیابێت وتێکەڵاو بەباروودۆخی پێشمەرگایەتی وسیاسی ئەو کاتە بووبێت وئاگاداری شتەکان بوو بێت پێکەنینی بەم درۆ شاخدارانەی (هەڤاڵ) دێت وئەزانێ هیچ خاڵێك لەو خاڵانە بەخەیاڵیش نەبوون و کەس تۆزیشی نەدیتوون . کورد وتویەتی : (قسە فەقیرە هەموو کەس پێ ی ئەوترێت) ئەمە راستی یەکی حاشا هەڵنەگرە ورۆژانە بەچاوی خۆمان دەیان جار ئەیبینین وزۆر گوێ ی پێ نادەین . ئەو رۆژگارەش (هەڤاڵ) قسەی لەسەر ئەکات رۆژگارێکی لە رادەبەدەر ئاڵۆزو ناخۆش وپڕ لەکارەساتی دڵتەزێن بوو ، لە هەموویان گرنگتر کارەساتی شەڕی براکوژی بوو کە ئەو ئەیەوێ بە ئاشکرا هەم شۆڕشگێڕ بێت وهەم خۆشی لێ بدزێتەوەو نایەوێ هیچ حسابێکی بۆ بکات یا ناوێری خۆی لەقەرەی بدات چونکە بڤەیە و رۆژێك لە رۆژان لەسەری بووە بەماڵ وئەم کەسێکی غەدار بووە دەرهەق بە مامەڵە لەگەڵ کردنی بە چاکی ئەزانی هەر باس نەکرێ وناوی نەبرێت بۆیە (بیژوانە) بەسەریدا تێ ئەپەڕێ ولە ئاشێکی تر ئەکات کە ئاشی شۆڕشگێڕی و قارەمانیەتی پێ ئەوترێ بەمەش ئەیەوێ گڵ بکاتە چاوی راستی یەکان وبەسەریدا بازبدات . هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی من ناچار بم رووبەرووی بوەستمەوە وپێ ی بڵێم نەکەی هێشتا ژیان جۆرە خەڵکێکی تیا ماوە کە ئەو رۆژگارەی دیووە وهەقی خۆیەتی بەرووی نەك تۆ بەڵکو هەموو کەسانێکی (دوو رووی) وەك تۆیدا بداتەوە و بڵێ راستی یەکان ئاوا بوون و ئێوەش ئاوا بوون و خۆتان گێل مەکەن وبەرگی درۆ بە بەری رابووردوودا هەڵ مەکێشن و وەك بەرزەکی بابان بۆی دەرچن ، خۆتان بکەنە فریشتەی پاك و بێگەرد و خەڵکی تریش بە شەیتان دابنێن و کۆتایی بەشتەکە بهێنن . هەر بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ ئەدەم خاڵ بەخاڵ لەگەڵ ئەو پیاوە قارەمانە دا بڕۆم و قسەکانی شی بکەمەوە . ئەو ئەڵێ: (رێکخراوەکە رێکخراوێکی ئەدەبی سەربەخۆو ئازادە و هەرچی گرژی و ناکۆکی یەك بکەوێتە بەینی حیزبەکانەوە نابێ کار لە یەکێتی ئەو رێکخراوە بکات) کەسێك ئەو رۆژگارەی نەدی بێت رێك بەدوای ئەم قسە سەوزو سوورانەوە ئەبێت و ئەڵێ ئۆ باڵ بە ملم جوانە ئێوە خەڵکێکی شۆڕشگێڕو پاك وبێگەرد بوون . بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو رۆژگارەی دیبێت و ئاگاداری هەموو کارو کردەوەیەکی (هەڤاڵ) و هەڤاڵەکانی تر بوو بێت ، ئەڵێ رووتان رەش بێت هەی فشە کەرینە ، ئەدی ئێوە کەی وابوون و کەی ئەوەتان کرد .

من بەرلەوەی هیچ جۆرە قسەیەك لەو باسەدا بکەم بەچاکی ئەزانم (هەڤاڵ) روو بە رووی قسەی پێشووتری خۆی بکەمەوە کە راستەوخۆ ئەم قسانە بە درۆ ئەخاتەوەو دەری ئەخات (هەڤاڵ) ئەیەوێ درۆ بنوسێتەوە . ئەوە تە هەر خۆی پێشتر ئەڵێ : (بەهەموومان (١٠) نووسەر دەبووین کە ئەندام وپێشمەرگەی حیزب و لایەنی سیاسی جیا جیا بووین) ئەگەر وابوو بێت بێ لایەنی ئەو (رێکخراوە) یە لە کوێ وچۆن دروست ئەبێ وکام کەس لەوانە لاری لە سیاسەت و بۆ چوونی حیزبەکەی هەبووە و بە گوێ ی نەکردووەو رێکخراوەکەی بە پیرۆزتر وراستر زانیووەو هەوڵی داوە لە دەم ئەو هەموو گورگەی بسێنێتەوە و بەگورگان خواردووی نەداوە یاشتەکە هەر (قسە فەقیرە) کەیە کە کورد باسی کردووە ئەویش بۆ ئەوەی ئەو کەسە خۆی پێ دەرباز بکات و کردەوەکانی رابووردووی لە ناودا بشارێتەوە . کەسێك حیزبی بێت و بۆ حیزب وازی لە هەموو شتێکی خۆی هێنابێت و بۆ حیزب دابیەتی یە شاخ و دەردی هەڤاڵ ئەڵێ: (رێگەی تفەنگی گرتبێتە بەر) وچاوەڕوانی مردنی خۆی بکات چۆن ئەبێتە کەسێکی سەربەخۆ و ئازاد و تەنانەت رێ ی پێ ئەدرێ رێکخراوێکی سەربەخۆو ئازادیش دروست بکات ئەم قسانە لە قووتوە عەتاریەکانی (عارف بڕنوتی) یشدا نی یەو لە گیرفانی سیاسەتیشدا دەست ناکەوێ و لە دووکانی حیزبایە تیش دا یەك پوولی قەڵبی پێ نادرێت . بەتایبەتی (هەڤاڵ) لەو رۆژگارەدا بەحساب فەریکە مارکسی یەك بوو وەك (سۆشیال عەشایەرێکی کورد) شیوعی بە تەحریفی وپارتی بە قیادە مۆقەتە و پاسۆکی بە شۆڤێنی و (حسك) ی بە پیاوی موخابەرات وئیتلاعات ئەزانی خۆی بە رابەری راستەقینەی شۆڕش ئەزانی و ئەیووت هەر من راستم و خەڵکی کورد ئەبێ زوویا درەنگ مل کەچی فەرمانی راستەقینەی من بێت و کورد من رزگاری نەکەم هەرگیز رزگاری نابێت . کەسێك خۆی و رێکخراو یا حیزبەکەی ئەوەندە مل هوڕ و خۆبەزل زان و خۆی بە رابەر زانی بێت کێ بڕوای پێ ئەکات و چاوەڕوانی لێ ئەکات رێکخراوی سەربەخۆ و ئازاد پێك بهێنێ ، ئەگەر (هەڤاڵ) و هەڤاڵەکانی تر وایان بیر ئەکردەوە بۆ تابۆیان ئەکرا ئاگری شەڕی برا کوژیان خۆش ئەکردو نەوتی وشەی بو غزیان بەسەردا ئەکرد بۆ ئەوەی تین و بلێسەی خۆشتر بێت و خوێنی ناهەق زۆرتر جۆگەلە ببەستێ . ئەی (هەڤاڵ) خۆی نەبوو بۆ گەنترین وتاری شاعیرانەی بەناوی (گۆڕ هەڵ تەکێنە مارکس)ی بۆ سەکەوتنەکانی (یەکێتی نیشتمانی) لە شەڕە خوێناو یەکانی (شارباژێڕ وپشت ئاشان) ئەنووسی وەك بێچووە (نازی) یەك شانازی بەو کارەساتە خوێناویانەوە ئەکرد کە تەنها بۆ ئەوە ئەکرا ساحەکەی کوردستان لەلایەن تاکە حیزبێکەوە پاوەن بکرێ وتا(مفەوەزاتێك) لەگەڵ فاشیەتی بەغدادا ی لەسەر بکرێ (گۆڕ هەڵ تەکێنە مارکس) تەنها نموونەی بچووکی ئەو رۆژگارەیە کە

(هەڤاڵ) چاوی لێ ئەنوقێنێ و بەژێر پەردەی لەبیر چونەوەی خۆیەوە ئەکات . ئەو کەباس لە قەوارەیەکی ئەدەبی شۆڕشگێڕ ئەکات ئەبووایە باسی هەڵوێستی قەڵەمی بکردایە لەو کارەساتانە کە نووسەر یا شاعیر چۆن کار بکات وەك پاشکۆیەکی حیزبی و هێزی چەکداری یا وەك خاوەن هەڵوێست دەرهەق بەو کارەساتەی پێی ئەوترا شەڕی براکوژ ی نارەزایی دەربڕێت و هانی خەڵك و پێشمەرگە بدات کە لێ ی بە دوور بن بێگومان (هەڤاڵ) و هەڤاڵەکانی تر وەك کۆمەڵێك وردە بۆرژوازی ترسنۆك هەمیشە لایەنگری ئەو هێز و لایەنە بوون کە جڵەوی هێزی بە دەستەوە بوو ، بۆیە دەیان شیعر و نووسینیان بە شان و باڵی ئەو لایەنەدا هەڵ ئەدا کە هێزی دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو ، ئەمیان بە خاوەن هەق و بە خاوەن شەهید و بە خاوەن بڕیار ئەناسی و لایەنەکانی تریان بە پیاوی خەڵك و ناهەق و خۆفرۆش ئەدایە قەڵەم شەڕو کوشتنیان دەرهەق بە وانەیان بە ڕەوا و هەقێکی نەتەوەیی و مرۆڤانە ئەزانی .

ئەم (پاشکۆیی یەی) نووسەر و شاعیری کورد لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە ئەبینین نووسەر و شاعیری پاشکۆ گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە مرۆڤی کورد و بە کێشەی نەتەوەیی و بە وشەی بێگوناهی کوردی کردووە و ئەکات سەیر لەوەدایە خۆشی بە راست و خاوەن هەق و خاوەن هەڵوێست ئەزانی بە هیچ جۆرێك ئۆباڵی ناهەقی یەك ناگرێتە ئەستۆی خۆی ، ئەشیەوێ بە مێژوو بۆی بنووسرێتەوە و پەیکەری ئاڵتوونی لە قوڕ بۆ بتاشرێ و شانازیشی پێوە بکرێ . رەنگە تاماوەیەك ئەمەیان لە لایەن خەڵکی گەوج و هەڵخەڵەتاوەوە بۆ بکرێ ئەویش لە سایەی دەسەڵاتی ئەو هێزە حیزبی یەدا کە ئەوان بوونە پیاوی و قەڵەمەکەیان خستووەتە خزمەتی بەڵام کە ئەو دەسەڵاتە حیزبی یە رۆیشت و کاتی بەسەرچوو شتی تر جێ ی گرتەوە ئەوسا ناوی ئەو شاعیر و نووسەرانەش گۆڕیان گوم ئەبێ و ئەکوژێنەوە.

ئەگەر سەیری ئەو رۆژگارە بکەین کە (هەڤاڵ) قسەی لەسەر ئەکات لەبەر ئەوەی ئەو دەمانە بۆ کورد هەر هەمووی شەڕی براکوژی و خوێنی بە ناهەق ڕژان بوو ئەبینین نووسەران یا شاعیرانی پاشکۆی ئەو دەمانە زۆربەی زۆریان شانازیان بەوەوە


9 گۆشەنیک
کوردستانی نوێ
بەیادی دامەزراندنی ٣٠ ساڵەی ی.ن.ك دا
## ئاورێك لەنووسەرانی خەباتی سەردەمی شاخ

ئەکرد کە لایەنی هێز یا حیزبی دەسەڵاتداریان ئەگرت و لەگەڵ تفەنگی شەڕکەراندا وشەیان ئەتەقان و لەگەڵ سەرکەوتنەکانیاندا خەنی ئەبوون و پێکی شادیان ئەنۆشی و چەپڵەیان بۆ ئازایەتی یەکانی ئەو حیزبە لێ ئەدا و تا پەتەکە لەگەڵیدا بوون . سەرە ڕای ئەوەی براکوژیان بەشەڕێکی رزگاری نیشتمانی ئەزانی و هیچ ناهەقی یەکیان لێوە بەدی نەئەکرد . ئەوان راستەوخۆ یان ناراستەخۆ ئاگریان خۆش ئەکرد و دەووری خەڵکێکی شەڕانیان ئەبینی . کەسێك ئەوە نیاز و ئەوە کار و کردەوەی بووبێت چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێ ئەکرێ رێکخراوێکی سەربەخۆ و ئازاد بنیات بنێ و قسەیەکی راست بکات و بڵێ من دژی شەڕم و شەڕی براکووژی رەت ئەکەمەوە و نامەوێ نیشتمانەکەم بە شەڕی لابەلا وێران بکرێ و خەڵکی وڵاتەکەم پێویستە بە یەکگرتوویی بۆ رزگاری لە دەستی داگیرکەران بجەنگن و پێکەوە گۆرانی بۆ دوارۆژ بڵێن . بە واتەیەکی تر کەسێك ئەوە نیاز و ئەوە کرداری بێت هەرگیز لە ناو ریزی گەلدا نابینرێ و لەگەڵ گەلدا ناژی بەڵکو (پیاوێکی حیزبی) زیاتر نی یە وتەنها لە باوەشی حیزبدا ئەژی و دوور لە خەڵك و دوور لە سۆزی نەتەوەی و مرۆڤانە ئەژی و هەرگیز چاوی راستی نابینێ و تەنها بە چاوی حیزب ئەبینێ و بە دەمی حیزب هاوار ئەکات و بەپێ ی حیزب بە رێگادا ئەڕوات ، لەو رۆژگارەدا کە (هەڤاڵ) باسی لێوە ئەکات سەرجەم ئەو شاعیر و نووسەرانی لە شاخ بوون یا لایەنگری شاخ بوون بە حیزبەوە خۆیان گرێ دابوو حیزب چی بکردایە ئەوان ئەوەیان ئەکرد و حیزب چی بوتایە ئەوان ئەوەیان ئەوتەوە حیزب چی بویستایە ئەوانیش ئەوەیان ئەویست . بۆ نموونە کاتێك حیزبەکەی (هەڤاڵ) لەگەڵ حیزبەکەی (رەفیق سابیر)دا رێك بووایە ئەوا (هەڤاڵ و رەفیق) یش رێك بوون و لەگەڵ یەکدا دائەنیشتن و بەدەم یەکترەوە پێ ئەکەنین . خۆ ئەگەر حیزبەکەی (هەڤاڵ) لەگەڵ ئەوی (رەفیق)دا لەشەڕ و پێکدادانا بوونایە ئەوا (هەڤاڵ) گاڵتەی بە (رەفیق) ئەکرد و ، هاواری ئەکرد (مارکس گۆڕ هەڵتەکێنە) و کوشتنی (رەفیق) و شاعیرێتی (رەفیق) و شیعری (رەفیق) و هاوڕێکانی (رەفیق)یشی بە هەق ئەزانی و هەموو مافێکی بۆ حیزبەکەی خۆی بە ڕەوا ئەبینی .